# پەروەردە لە قۆناغی ڕاپەڕیندا

سەرۆ شەمزینی

„
لە جیهانی پێش مۆدێڕندا شێوازی پەروەردە زیاتر لە سەرەوە بۆ خوارەوە بووە. پەروەردەیەکی لەو چەشنە پێویستی بە دامودەزگای فەرمیی پەروەردەوە هەیە. بەڵام لە جیهانی مۆدێڕن و پاش مۆدێڕنی ئێستادا، پەروەردە زیاتر سروشتێکی ڕایەڵەیی و ناهیرەمی هەیە. لەم جیهانەدا ئەگەر دیسکۆرسێکی نەتەوەیی بەهێز لەگۆڕێدا هەبێ، بەهۆی سروشتی ڕایەڵەییی جیهانەوە، ئەو گوتارە، نابەئاگایانە و نابەرهەست و نافەرمی لە هەموو ئاستەکاندا بڵاو دەبێتەوە.
“

هەندێک لە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان سروشتێکی کاتییان هەبووە، واتە بۆ ماوەیەک دامەزراون و دواتر هەڵوەشاونەتەوە. یان زۆر دەورانی وا هەبووە مرۆڤ بە بێ ئەو دامەزراوانە ژیانی کۆمەڵایەتیی خۆی بەرێوە بردووە و ئاستەنگێکی ئەوتۆش نەکەوتووەتە ناو ژیان و کاروبارەکانییەوە. بەڵام هەندێک دامەزراوەی کۆمەڵایەتی هەبوون کە بە درێژاییی ژیانی مرۆڤ لە مێژوودا لەگەڵیدا بوون و لێی جیا نەبوونەتەوە. ئەو دامەزراوانە بە ئەژمار زۆر نین، بەڵام بە گرینگایەتی و قورسایەتی بنچینەی ژیانی کۆمەڵایەتیی مرۆڤیان پێک هێناوە. یەکێک لەو دامەزراوانە «پەروەردە و فێرکاری»یە. دامەزراوەی پەروەردە دەکەوێتە پاڵ هەندێک دامەزراوەی تری وەک «سیاسەت»، «ئابووری»، «بنەماڵە»، «ئایین» و ... ئەم قسەیە بەم مانایەیە کە لە هیچ دەورەیەکی مێژوویدا ژیانی مرۆڤ لەو دامەزراوانە بەتاڵ نەبووە و کاروباری کۆمەڵایەتیی مرۆڤ بەهۆی ئەم دامەزراوانەوە ڕاپەڕیوە. ڕەنگە بتوانین بڵێین فۆنکسیۆن یان کارکردی ئەو دامەزراوانە بەدرێژاییی مێژوو نەگۆڕ بوون بەڵام شێوە و جۆرەکانیان گۆڕانی زۆریان بەسەردا هاتووە. بۆ نموونە سیاسەتی خێڵ بە شێوازێک بەڕێوە چووە و سیاسەتی کۆمەڵگای مۆدێرنیش بە شێوازێکی دیکە بەڕێوە چووە. بەڵام ئەوەی لەم ناوەدا لە دەورانی ژیانی خێڵایەتییەوە هەتا دەورانی مۆدێرن گۆڕانی بەسەردا نەهاتووە، مودیرییەتی سەرچاوەکانی دەسەڵاتە. دامەزراوەکانی دیکەش بەم چەشنەن. ئابووری مۆدێل و سیستەمی جۆراوجۆری هەبووە. لە دەورانە سەرەتاییەکانی مێژووەوە هەتا ئێستا، ئابووری هەر هاتووە و لە شێوازی ساکار و سەرەتاییەوە بۆلای شێوازەکانی ئاڵۆزتر و پێچەڵپێچتر گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لە دەورانی مۆدێرندا مۆدێلە ڕکەبەرە ئابوورییەکان پێکەوە لە ڕکەبەرایەتیدا بوون.

بەڵام لە هەموو دەورانەکاندا و لە هەموو مۆدێلەکاندا فۆنکسیۆنی دامەزراوەی ئابووری ئەوە بووە کە مودیرییەتی شێوازەکانی بەرهەمهێنان و دابەش کردن و مەسرەف کردن بکا.

دامەزراوەی پەروەردە و فێرکارییش هەر بەم شێوەیە بەدرێژاییی مێژوو، خاوەنی فۆنکسیۆنێکی نەگۆڕ و مۆدێل و شێوازی زۆر جۆراوجۆر بووە. کارکردی دامەزراوەی پەروەردە بەگشتی بریتی بووە لە ڕاگواستنی زانیاریی بەردەست و مەوجوود و ڕەخساندنی زەمینە بۆ بەرهەم هێنانی زانیاریی نوێ.

دامەزراوەی پەروەردەش لە دەورانی کۆنەوە هەتا دەورانی مۆدێرن گۆڕانکاریی زۆری بەسەردا هاتووە. لە سەرچاوە زانستییەکانی تایبەت بە فەلسەفەی پەروەردەدا، ڕەنگە زۆر باسی جۆراوجۆر کرابێ. باسێک کە جەختی کەمتری لەسەر کراوە بریتییە لە جیاوازییەک کە لە نێوان سیستەمی پەروەردە لە وڵاتێکی سەربەخۆدا و سیستەمی پەروەردە لە کۆمەڵگایەکی شێوە کۆلۆنیالدا لەگۆڕێدایە.

دیارە پێویستە بە لەسەر ڕۆیشتنی زۆر ناکا کە ئەو دەرەتان و کۆمەڵە ئیمکاناتەی لە وڵاتە سەربەخۆکاندا بۆ پەروەردە و فێرکاری لەبەردەستدایە لە وڵاتە شێوە کۆلۆنیالەکاندا نییە، یان ئەگەر هەیە لە خزمەت سیاسەتی کۆلۆنیالیستیدایە. واتە ئەو دیاردەیەی بۆ دەسەڵاتدار و داگیرکەر بە پەروەردە ئەژمار دەکرێ، بۆ گەلی ژێردەست بە دژەپەروەردە ئەژمار دەکرێ.

پرسیاری سەرەکیی ئەم وتارە ئەوەیە: لە وڵاتێکدا کە کەرەستە سەختئامێرییەکان و دەرەتانە نەرمئامێرییەکانی پەروەردە لەبەر دەستی دەسەڵاتی خۆماڵیدا نییە، سیستەمی پەروەردە دەبێ چۆن ڕێک بخرێ هەتا لە ئاراستەی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا بێ؟

بەگشتی دەکرێ دوو شێوازی گشتی بۆ پەروەردە دەسنیشان بکەین. لە شێوازێکدا

پەروەردە بە شـــێوەی نابەئـــاگا بەڕێوەدەچێ. واتە نە فێرکار و نـــە فێرخواز ئاگاداری ئەوە نین کە خەریکن شـــتێک فێـــر دەکەن یان فێـــر دەبن. ئـــەم زانیارییانەی بەم چەشـــنە دەگوازرێنەوە وەک نیشتنی ئارام و لەسەرخۆی بارســـتاییەکی زۆر لە مادەیەک لە بەستێنی دەریایەکدایـــە کە دوای ماوەیەکی زۆر ئیدی دەبێ بە چینێکی سەخت و لەشکان‌نەهاتووی بەستێنەکە. یان وەک شوێنی ئەو ئاوەیە کە بە درێژایی زەمان لەسەر بەردێک دەمێنێتەوە و دەبێت بە بەشـــێک لە ڕووبەری بەردەکە. بـــە درێژایی ژیانی بەشـــەر ئەم چەشـــنە پەروەردەیە هەبووە. لەڕاســـتیدا ئەو بابەتانەی بەم شـــێوەیە ڕاگوێـــزراون هەر ئەوەیـــە کـــە بە «ترادیســـیۆن» یان «ســـوننەت» یـــان «نەریت» ناســـراون. کۆمەڵـــگای مـــرۆڤ تایبەتمەندیـــی نەریت‌هەڵگـــر بـــوون یـــان فەرهەنگ‌هەڵگـــر بوونی هەیە. ئەم تایبەتمەندییە ڕێـــک لەم شـــێوازە پـــەروەردە نابەئاگایانـــەوە هاتـــووە. نەریت یان فەرهەنـــگ وەک هەوا وایە کە هەموو ئاقـــاری دەوروبەری ئێمـــەی تەنیوەتـــەوە و ئێمەش هەڵیدەمژین و پێیەوە زیندووین بەڵام ڕەنگە نەیبینین و هەستی پێ نەکەیـــن. هەر بەرەیـــەک نەریتەکان لە بەرەی پێش خۆی وەردەگرێ و بۆ بەرەکانی دوای خۆی ڕایدەگوێزێ.

جـــۆری دووەمی پـــەروەردە، پەروەردەی ئاگایانەیە. لەم شێوە پەروەردەیەدا هەم فێرکار و هەم فێرخواز ئاگاداری ئەوەن کە خەریکن بابەتێک فێر دەکەن یان فێر دەبن. ئەم جۆرە پەروەردە ئاگادارانەیە، خۆی دوو شێوەی هەیە. لە یەکێکیاندا فێرکارەکە، فێرخوازەکە فێری شـــتێک دەکا هەتا لـــە دواڕۆژدا وەک خۆی لێ بێ؛ واتە فێرخواز هاوشێوەی فێرکاری لێ بێ. بۆ نموونە نیگارکێشێک قوتابییەکی خۆی فێری تەکنیکەکانی نیگارکێشـــی دەکا هەتا لە دواڕۆژدا وەک خـــۆی ببێ بە نیگارکێش، یان دارتاشێک کەسێک فێری دارتاشی دەکا هەتـــا لە داهاتوودا ئەویـــش ببێ بە دارتاش. لە شـــێوەی دووهەمدا فێرکار بابەتێک فێری فێرخوازەکە دەکا بەڵام نـــەک بەو نییەتەی حەتمەن ببێ بە پســـپۆڕی ئەو بوارە، بەڵکوو لەبەر ئەوە فێـــری دەکا کە فێرخوازەکە ئەم بابەتەی بۆ ڕاهێنانێکی گشـــتی پێویستە. بۆ نموونـــە قوتابییەکـــی دواناوەنـــدی زۆریەک لـــە وانەکانی بیرکاری و فیزیک و شـــیمی و زیندەوەرناسی و مێژوو و جوغرافیا دەخوێنێ، بـــەڵام قـــەرار نییـــە ببێت بە پسپۆڕی ئەم بوارانە.

> بۆ گەلێکی وەک گەلی کورد کە لە هەبوونی کیانێکی نەتەوەیی سەربەخۆ بێبەرییە، باشترین شێوازی سەقامگیر کردن و پەرەپێدانی پەروەردەی نەتەوەیی کەڵک وەرگرتن لە شێوازی نائاگایەنەی پەروەردەیە

دیارە لـــە کۆمەڵگادا هەموو ئـــەو جـــۆرە فێرکارییانە کەم و زۆر کەڵکیان لـــێ وەردەگیرێ. بەڵام پرسیاری سەرەکیی ئێمە ئەوە بوو کە بـــۆ کەمەڵگایەکی وەک کۆمەڵـــگای کوردســـتان کە لە دۆخێکـــی تایبەتدایە، چ شێوە ڕوانینێک و چ مۆدێلێکی پـــەروەردە، دەتوانـــێ زیاترین سوودمان پێ بگەیێنێ و ڕێگای گەیشتن بە ڕزگاریمان بۆ کورتتر و ساناتر بکاتەوە.

دیـــارە وڵامێکی بەردەســـت و ســـادەتر ئەوەیە کـــە بڵێین یەکەم: ڕەوتی پەروەردەی نەتەوەیی لە هیـــچ قۆناغێکدا ڕانەوەســـتێ. پـــەروەردەی نەتەوەیـــی لە هـــەر قۆناغێکدا ڕابوەســـتێ دەبێ دڵنیا بین کە هەر لەو کات و شـــوێنەدا خەباتـــی ڕزگاریخوازانە کۆتایی پێ‌هاتـــووە. دووەم: بەگوێرەی دۆخ لە هەموو شێوازەکانی پەورەردە کەڵک وەربگیرێ.

ئەو وڵامە دروســـتە بەڵام پێویســـتی بە ڕوونکردنـــەوە و لێکدانـــەوەی زیاتـــر هەیە. دیـــارە لەناو خـــودی تەشـــکیلاتی حیزبیدا

مۆدێلی پەروەردە کردنی ئاگایانە بە باشترین شــێوە وڵام دەداتــەوە. ڕاســتییەکە ئەوەیە فاکتەرێکــی زۆر گرینگی هەڵســەنگاندنی ڕادەی دەســەڵات و نفووزی هەر حیزبێک، تەنانــەت پێش ژمارەی ئەندامــان و ڕادەی ئیمکاناتــی ماددی و هتدیش، سیســتەمی پەورەدە لەناو حیزبەکەدایــە. تۆکمەترین و دەسترۆیشــتووترین حیزبەکان ئەوانەن کە شــێوازی پەروەردەی ڕێکوپێک و بەهێزیان هەیــە. بــە بــێ پەروەردەیەکــی کاریگەر، حیزبی کاریگەریشمان نابێ. لەناو حیزبێکی هەڵســووڕدا لە هەر ئاســتێکی تەشکیلاتیدا پــەروەردەی گونجــاو لەگەڵ ئەو ئاســتە، دەبێ لەگۆڕێــدا هەبــێ. دەورەی ڕاهێنانی ئەنــدام هــەر تایبەت بــە ئەندامانــی تازە پەیوەســتبووی حیزب نییــە، بەڵکوو هەر ئاستێکی تەشکیلاتی ـ لە ئەندامانی سادەوە بگرە هەتا باڵاترین ئاســتە تەشکیلاتییەکان ـ سیســتەمی ڕاهێنان و پــەروەردە کردنی خۆی هەیە. بۆ نموونە ئەگەر بۆ ئەندامە تازە پەیوەســتبووەکان ، ڕاهێنان لەسەر کلاس و بەشێوەی پێوەندیی ڕاستەوخۆی مامۆستا و قوتابییە، بۆ ئەندامانــی ڕێبەری، پەروردە بریتییە لــە کەڵک وەرگرتنی بــەردەوام لە باشترین و لێهاتووترین ڕاوێژکارەکان.

بەڵام قورســاییی باسی ئێســتای ئێمە ڕەنگە لەسەر پەروەردەی حیزبی نەبێ، بەڵکوو لەسەر پەروەردە لە ئاستێکی نەتەوەییدا بێ.

بــۆ نەتەوەیــەک کــە خاوەنــی کیانی ســەربەخۆی خۆیەتی، پەروەردەی نەتەوەیی زیاتر لەسەر شــێوازی ئاگادارانەی پەرورەدە ســاغ دەبێتەوە. بۆ ئــەو نەتەوەیــە کۆمەڵە ســازییەکی فەرمی لە تەمەنێکــی کەمەوە هەتا ســاڵانی دوای تەمەنی پێگەیشــتوویی بەرعۆدەی بارهێنانی ئەندامانی کۆمەڵ لەسەر بنەمای پەروەردەیەکی نەتەوەیی دەبن. بەڵام بــۆ نەتەوەیەکــی وەک نەتــەوەی کورد کە خاوەنی کیانی سەربەخۆی نییە، پەروەردەی نەتەوەیــی چۆن دەکــرێ لەنــاو ئەندامانی کۆمەڵدا سەقامگیر بێ و پەرەی پێ بدرێ؟

ڕەنگە کەســانێک گومان لەوە بکەن کە بکرێ بۆ نەتەوەیەکی ژێردەست سیستەمێکی پەروەردەی نەتەوەیی دابمەزرێ. بەڵگەکەش بــۆ ئــەو بۆچوونــە ئەوەیە کە پــەروەردەی نەتەوەیی بەو ســازییە فەرمییانە دەکرێ کە لەلایــەن دەوڵەتەوە ڕادەســپێردرێن هەتا لە ئاستی نیشــتمانیدا ئەو ئەرکە بەرێوە ببەن. کوردیش چونکە لە دەوڵەتێکی ســەربەخۆ و لەو شێوە سازییە فەرمییانە بێبەرییە، کەوابوو شتێکی وا نەگونجاوە.

لە ڕوانگــەی ئێمەوە ئەم وڵامە ڕاســت نییــە. بۆ گەلێکی وەک گەلــی کورد کە لە هەبوونــی کیانێکــی نەتەوەییی ســەربەخۆ بێبەرییە، باشترین شێوازی سەقامگیر کردن و پەرەپێدانی پــەروەردەی نەتەوەیی کەڵک وەرگرتن لە شێوازی نائاگایەنەی پەروەردەیە؛ با بزانین چۆن.

ئەگەر بمانــەوێ شــێوازی نائاگایەنەی پەرورده لــە ئاســتێکی نەتەوەییــدا بەکار بهێنین، دەکرێ پشت بەم فۆرمۆلە کاریگەرە ببەستین:

## بەرهەم هێنانی دیسکۆرســی نەتەوەیی = مسۆگەر کردنی پەروەردەی نەتەوەیی

بە دەربڕینێکی دیکە باســی پــەروەردەی نەتەوەیی دەبــێ دابمەزێنین بۆ باســێکی بنەڕەتیی دیکە. خودی باســی پەروەردەی نەتەوەیی باســێکی بنەڕەتی و ستراتێژیکە، بەڵام باسی تەنانەت بنەڕەتیتر و ستراتێژیکتر لەویــش بریتییە لە باســی بەرهەم هێنانی گوتاری نەتەوەیی.

پێشــگریمانەی ئێمــە ئەوەیــە کاتێک دیسکۆرسێکی نەتەوەییی بەهێز و ئەورۆیی لەگۆڕێــدا بــێ، تەنانــەت ئەگــەر دەزگا فەرمییەکانــی پــەروەردە و بارهێنانیــش لەبەردەســتی ئێمەدا نەبن، ئەو دیسکۆرسە

به شێوەیەکی هەراو بەسەر کۆمەڵگادا بڵاو دەبێتەوە. بڵاو بوونەوەی ئەو دیسکۆرسە نەتەوایەتییە لە ئاستی هەراودا، لە حوکمی پەروەردەی نەتەوەییدایە. بە دەربڕینێکی دیکە هەر کات پەروەردەیەکی نەتەوەیی چاکمان نەبوو، دەبێ دڵنیا بین کە دیسکۆرسێکی نەتەوەییی باشمان نەبووە. بەپێچەوانەوە بەدرێژاییی هەموو ئەو ساڵانەی کورد ژێردەست بووە بەڵام هەست و هۆشی نەتەوەیی لەوپەڕی خۆیدا بووە و کوردایەتی لە بەرەیەکەوە ڕاگوێزراوە بۆ بەرەیەکی دواتر، لەبەر ئەوە بووە کە گوتارێکی نەتەوەیی لەئارادا بووە. ئەو گوتارە نەتەوەییە وەک هەوا وایە کە ئێمە هەڵیدەمژین و پێیەوە دەژین بەڵام ڕەنگە هەستی پێ نەکەین.

لە جیهانی پێش مۆدێرندا شێوازی پەروەردە زیاتر لە سەرەوە بۆ خوارەوە بووە. پەروەردەیەکی لەو چەشنە پێویستی بە دامودەزگای فەرمیی پەروەردەوە هەیە. بەڵام لە جیهانی مۆدێرن و پاش مۆدێرنی ئێستادا، پەروەردە زیاتر سروشتێکی ڕایەڵەیی و ناهیرەمی هەیە. لەم جیهانەدا ئەگەر دیسکۆرسێکی نەتەوەیی بەهێز لەگۆڕێدا هەبێ، بەهۆی سروشتی ڕایەڵەییی جیهانەوە، ئەو گوتارە، نابەئاگایانە و نابەرهەست و نافەرمی لە هەموو ئاستەکاندا بڵاو دەبێتەوە. ئەگەر تایبەتمەندییەکی «هەوا» ئەوە بێ کە هەستی پێ ناکرێ، ئەوا هەوا دوو تایبەتمەندیی تریشی هەیە: مایەی ژیانە و کەس ناتوانێ پێش بە بڵاو بوونەوەی بگرێ. دیسکۆرس بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرە هەر سێ ئەم تایبەتمەندییانەی هەوای هەیە: نابەرهەستە و زۆر کەس هەستی پێ ناکا، ژیان و مانەوەی گەل بەندە بەو دیسکۆرسەوە و کاتێکیش بەرهەم هات، کەس ناتوانێ پێش بە بڵاو بوونەوەی بگرێ.

کەوابوو ئەگەر لە دابەشکردنێکی بنەڕەتیدا نەتەوەکان بەسەر دوو خانەی نەتەوە خاوەن دەوڵەتەکان و نەتەوە بێدەوڵەتەکاندا دابەش بن، دەکرێ نەتەوە بێدەوڵەتەکانیش بەسەر دوو خانەی تردا دابەش بکەین: ١ ئەو نەتەوانەی خاوەن گوتارێکی نەتەوەیین ٢ ئەو نەتەوانەی لە دیسکۆرسێکی نەتەوەیی بێبەرین. ئەگەر نەتەوەیەک خاوەن دەوڵەت نەبێت و گوتارێکی نەتەوەییشی نەبێ، بێگومان لە سنووری توانەوە و فەوتان نزیک بووەتەوە، بەڵام نەتەوەیەکی بێدەوڵەت کە خاوەنی گوتاری نەتەوەییی خۆی بێ، توانیویەتی شوناسی نەتەوەییی خۆی بپارێزێ و ئەگەری ئەوە هەیە ببێ بە خاوەنی کیانی سەربەخۆی خۆی.

کورد نەتەوەیەکی بێدەوڵەتی خاوەن گوتاری نەتەوەییە. ئەگەر هەتا ئێستا ئاگری خەباتی گەلی کورد بەهۆی داگیرکەرەوە دانەمرکاوەتەوە و بەپێچەوانەوە هەر هاتووە و بڵێسەی ئەستاندووە، بەم هۆیە بووە کە ئێمەی کورد هەر لە خۆیبوونەوە هەتا ژێکاف و هەتا کۆمار و دواتریش حیزبی دێموکرات، خاوەنی گوتاری نەتەوەییی خۆمان بووین.

«دیسکۆرس» یان «گوتار» چەند تایبەتمەندییەکی هەیە کە ئاماژە بە هەندێکیان دەکەین:

١ دیسکۆرس تاقە تیۆرییەک نییە کە بمانەوێ بەهۆیەوە بابەتێک شرۆڤە بکەین، دیسکۆرس نەک هەر کۆی چەندین تیۆریی هەراوە، بەڵکوو هەلومەرجەکانی گووران و پێکهاتنی ئەو تیۆرییانەش لەخۆی دەگرێ.

٢ دیسکۆرس بە هۆی کەسێک و دوو کەس و لە کاتێکی کورتدا پێک نایێ، بەڵکوو لەلایەن کەسانێکی زۆر و لە بەستێنێکی مێژووییدا پێک دێ.

٣ سروشتی گوتار بە چەشنێک نییە دوای ئەوەی پێک هات و خۆی گرت، پێویستیی بە گۆڕانکاری نەبێ؛ دیسکۆرس بەردەوام پێیەوە زیاد دەکرێ و هەڵدەپەرتێوترێ و



هەموار دەكرێ و لەگەڵ پێداویســتییەكانی ڕۆژدا دەگونجێندرێ.
جگە لەم تایبەتمەندییانە، دیســكۆرس لە چەندین ئاســتی جۆراوجۆردا كار دەكا. دەتوانین ســێ توێژی جۆراوجۆر لێک جودا بكەینەوە كە گوتار لەو ئاستانەدا كار دەكا:
■ ڕووكەشــترین ئاست، ئاســتی شیكاریی یەكانگیر(منســجم)ی بابەتەكانــی ڕۆژە. لایەنێكــی خــاوەن گوتار بــە مەنتیقێكی دیاریكراو دەتوانــێ ڕووداوە جۆراوجۆرەكان لە ڕوانگەی خۆیەوە شــرۆڤە بكات. زۆربەی باسەكان لەم ئاستەدا سروشتێكی سیاسییان هەیە. بــۆ نموونە باســی وەک «چۆنیەتیی هاوبەندیــی هێــزە گــەورەكان و هێــزە ناوچەیییــەكان لە كێشــەكانی ڕۆژهەڵاتی ناویندا» لەم ئاستەدا جێگیر دەبێ.
■ ئاستێكی قووڵتر بریتییە لە هەندێک باسی فیكری كە هاوكات سروشــتێكی سیاسی و كۆمەڵناسانەیان هەیە. ئەم باسانە لە ئاستی بابەتەكانی ڕۆژ پلەیەک زیاتر هەڵدەكشێن و جگە لەو بوارە باسكراوانە، ڕەنگە پێویستییان بە زانستی مێژووش هەبێ. بۆ نموونە باسی سروشــتی دێموكڕاســی یان مۆدێلەكانی فێدراڵیزم دەكەونە ئەم ئاستەوە.
■ قووڵترین ئاســت، ئاستێكە كە تێیدا جگە لە باسی سیاسی و كۆمەڵناسی و مێژوویی، باســی فەلســەفیش دێتە گۆڕێ. باســی وەک قۆناغەكانی پێشــكەوتن و تەكامولی مێژوویی، بنەماكانی لیبراڵزم و سۆســیالیزم و ... دەكەونە ئەم خانەیەوە.
پوختەی قسەی ئێمە لەم وتارەدا ئەوەیە كە ئەگــەر لایەنێک توانیبێتی لەم ئاســتە باسكراوانەدا دیسكۆرســی بەرهەم هێنابێ، ئەوا ئەم دیسكۆرســە بەشێوەی پەنامەكی و نائاگایانە دزە دەكاتە ناو كۆمەڵگا و تەشەنە ســەندنی بەرە بەرەی ئەو دیسكۆرسە لەناو چین‌وتوێژەكانــی كۆمەڵــگادا لــە حوكمی پەروەردە كردنێكی نەتەوەییدایە.